
وەزیری خوێندنی باڵا پەیامێکی لە بارەی بەیاری قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە چەند زانکۆیەکی عێراق بڵاوکردەوە



د. ئارام محەمەد، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ،پەیامێکی بارەی بەیاری قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە چەند زانکۆیەکی عێراق بڵاوکردەوە ،جەختیکردەوە هەر کەس و لایەنێک ڕێز لەکلتور و زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەمان نەگرێت، ئەمەش بەهەمان پرەنسیپی "العین بالعین، والسن بالسن" مامەڵەی لەگەڵ دەکەین.

د. ئارام محەمەد، ئەمە شەممە لە ڕاگەیەندراوەکدا باسیکردەوە، ئەو بەیارەی وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی فیدراڵی بە قەدەغەکردنی میکانیزمی وەرگێڕانی پرسیارەکان لە تاقیکردنەوەکان و وانە وتنەوەکاندا، دژ بە پرەنسیپەکانی پەکەوە ژیان و ڕێز نەگرتنیشە لە کلتورو فەرهەنگی نەتەوە ناعەرەبەکانی ناو دەوڵەتی عیراقی فیدراڵ.

ئاماژەی بەوەشکرد، بەتوندی ئەو بەیارە سەرکەنەی دەکەم و گەلانەوەیەکی مەترسیداریشە بە کلتوری بەعسیزم و ناوەند گەرایی، کە ئەو قۆناغە لە زیهنییەتی گەلانی عێراق دا ڕاپچی ناو ئەرشیفەکانی مێژو کراون .

د. ئارام محەمەد باسی لەوشکرد، پەویستە هەمولایەک ئەو راستیە باش بزانن کە هەر کەس و لایەنێک رێز لەکلتور و زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەمان نەگرێت، ئەمش بەهەمان پرەنسیپی «العین بالعین، والسن بالسن» مامەڵە لەگەڵ فەرهەنگ و کولتور و زمانیان دەکەین.